# بابە نوئێل و ڕاگەیاندنی دواکەوتوی کوردی

■ شێمحمد باڵەك

"ئەو پەچەو روبەندو چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ، ئەم شڕو شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە"
هێمن



ئەوەچەندساڵێکە ڕاگەیاندنی خۆبەکەمزانی کوردی لەکردەوەیەکی دیکەی مەیموونانەدا دەیەوێ بابانوئێلی سمێڵ کلکەرێوی لەپێش چاوی منداڵانی کوردبکات بەفریشتەو پەری نەتەوەی کوردئەفسون بەندی ئەفسانەپڕوپوچەکەی بکات، کورد لە هەمووشتێکدا دواکەوتوو نەزان وەهەژاربێت لەئەفسانەوئەفسون وڕمڵ وڕەین وخاڵ وقاوەگرتنەوەو بەرەدەست خوێندنەوەوتاقمانەجووت ونوشتەوگشتەك وحەمایل وبەپیل چاك وپیرانەوەچوون وشاڵی سەیدان لەخۆبەستن وریشی درێژوپەرچەموو...تاد،ئەوەندەپێش کەوتووزیرەك ودەوڵەمەندە کۆچی خێڵاتی هیندستانیش تۆزی ناشکێنێ،ئیترنازانم چ پەکمان لەسەرئەوەکەوتوە پەنابەرینە بەر ئەفسانەی زڕودۆلاراوی گەلانی دیکەی دنیاوبەتاڵی مێشکی منداڵەهێروگێژەکانمانی پێ پڕبکەینەوە؟ لەم دنیایەداهەرچی کوردی ناسیبێت مێشکەکەی تاقی کردۆتەوە هەربابانوئێل مابوو! ئێزیدوزەردەشت وفەلەوجوولەکەو(قەوم)ە دینیەکانی تری کوردستانیش ئەگەرمەولودی (پێغەمبەر)ی ئیسلام بخوێنەوە،ئەوە خۆبەکەم زان وەنەفس نزمن نەك لێبوردەبن وفرەدراوسێ خۆش بن،ئێستا ولاتانی ڕۆژئاوابەتایبەتی حکومەتەکانیان لەمولحید مولحیدترن کەچی ئاهەنگ بەبۆنەی سەری ساڵ ومەسیحی ولەدایك بوونی حەزرەتی عیساوە دەگێرن ودەیکەن بەکەیف وخۆشانەکەلەبنەرەتدادینی عیسایی دینێکی ڕۆژهەلاتی و جولەکەیی و عەرەبیە،چونکەتازە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە دوێڵ و دەستورە گەلی و گەلاییەکانیان، من لاریم لەوە نییە ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە دەمە لاسکەو چاولێکەری دروست بێت، ماوەیەك خۆمان بکەین بە مەیمون و توتی، بچینە ناو لێڕو دارستانەکانی کوردستان و وەسەرداران کەوین و باز بازێنە بکەین و هەرچی خودانی جەرگسۆزمان کردی و ئێمەش لاسایی بکەینەوە، بەلام مێژوو بەسەدان و هەزاران نمونە پێشانی داوین دەوڵەتە گەورە پاوان کەرەکانی ئابووری، ملیۆنان لاسایی کردنەوەی سەماو لەیزینی وەك خۆیان و قون بادان و لێو خوارکردنەوە، بەگۆشەیەکی بچوکی بەرژەوەندی خۆیان ناگۆڕنەوە، ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا تاڵێك لە مووی ڕیشی مالمێکی دواکەوتووی جولەکەی دانیشتووی ئیسرائیل بە خوێنی هەموو مەسیحیەکانی فەلەستین ناگۆڕنەوە، بە بابانوئێلیشەوە، دەمامك و ڕوپۆشی ژنە سعودیەکی سەر دەریای نەوت و عەگالی مێردە دواکەوتووەکەی سەردەمی جاهیلیەتی بە ملیۆن ناو گەڵی لوس و توسی پێشکەوتووی وەکو هی نەوال سەعداوی نا گۆڕنەوە، کە خۆی بەو پەڕی ڕاشکاویەوە دەڵێ لەتەمەنی سێزدە چواردە ساڵی و لە سەروبەندی خۆ ناسیندا ناو گەلم ئاگری گرتبوو، کورد دەردی خۆی بە سوك زانینی هەبووە و هەیەو دەبێت نەختێك خۆی بەگران نیشانی خەڵکی بدات، بیرو باوەڕە دنیاییەکان هەموویان لەسەرەتاوە لە پێناوی چاکەو ڕێزی مرۆڤدا دروست بوون و بۆخۆشیان بەڕێزو پیرۆزن، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کوردو هەر گەل و نەتەوەیەکی تر کە ئەو بیرو باوەڕانە بکات بە هۆو ئامراز بۆ ڕاگرتنی ڕێزو گرانی و سەنگینی خۆی، هەروەها بۆ چاکەی خۆی و لە بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێت، ڕاگەیاندنی کوردی ئەو پارەیەی لەم جۆرە بەرنامە بێتام و زڕو نامۆو ئاویەو بێگانانەی وەك بابە نوئێل خەرج دەکات، باشتر نییە ئاوڕێك لە فەرهەنگی میراتی کوردی و ئەفسانە خۆش و بەنرخەکانی بداتەوە؟ گومانی تێدانییە بۆ نەتەوەو ولاتێکی بێ ژیارو مێژوو نادیار ئەو چیرۆك و ئەفسانانە بایەخی زانستی مێژوویی هەروەها چەند زانستێکی تریشیان هەیە وەك دەروونزانی و کۆمەڵناسی و تا... ئەوا خەریکە بەرەبەرە لەناو دەچن و لە بیران دەچنەوە، نوسەرێکی زانای کوردی ئەوروپانشین داوای لێکردم هەندێك لە کورتە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کوردەواری بۆ کۆبکەمەوەو بۆی بنێرم منیش داواکەم جێ بەجێ کرد، دواتر پێی گوتم دوای وەرگێڕانیان دووجار چیرۆکەکانم لەسەر یەك چاپ کردن و هەردووجار بەماوەیەکی کەم فرۆشران و لە بازاڕەکانی ئەوروپادا نەمان، گوتی خەڵکی ئەوروپا بۆیە ئەفسانەی بێگانان وا بەتامەزرۆییەوە دەخوێننەوە، لە ڕوانگەی ئەو ئەفسانانەوە لە چۆنیەتی دروستبوونی نەفسییەت و کەسایەتی کۆمەڵگەی خاوەنی ئەو ئەفسانانە ورد دەبنەوە.

ڕۆژئاوا پەکی لەسەر پێهەڵگوتن و دیحایە بۆکردنی ئێمە نەکەوتووە هیچ پێویستیشی پێ نییە، واباشە ئێمە فریای خۆمان بکەوین، بەدەردی مامۆستا مەسعود محمد دەفەرموێ: گەوهەرەکانی ئەوڕوپا پێمانەوە قوڕاوی دەبن.

"ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەمامك و ڕوپۆشی ژنە سعودیەکی سەر دەریای نەوت و عەگالی مێردە دواکەوتووەکەی سەردەمی جاهیلیەتی بە ملیۆن ناو گەڵی لوس و توسی پێشکەوتووی وەکو هی نەوال سەعداوی نا گۆڕنەوە"

"ڕاگەیاندنی کوردی ئەو پارەیەی لەم جۆرە بەرنامە بێتام و زڕو نامۆو ئاویەو بێگانانەی وەك بابە نوئێل خەرج دەکات، باشتر نییە ئاوڕێك لە فەرهەنگی میراتی کوردی و ئەفسانە خۆش و بەنرخەکانی بداتەوە"

# ڕۆشنبیری تازەگەری کورد

■ هادی باڵەیی

هەرکاتێك تاك ڕۆشنبیر پێویستی بەم بابەتە بوو ئەوا چەندین نوسراوی جۆراو جۆر لە کتێبخانەکان دەدۆزیتەوە، جاری واش هەیە لەنێو ڕۆژنامەکاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت، وەلەبەر ئەم هۆیەش خوێنەر پێویستی بە ڕێنماییە، جەماوەری خوێنەر لە کوردستاندا دوو بەشن، بەشێکیان خوێندنی تەواو کردووە بەچاکیش فێری زمانی ئەوروپی بووە، ئەوانەش بەدەگمەن نوسراوێکی کوردی دەخوێننەوە لەبەر ئەوەی ئەورووپیەکان نوسراوی چاکیان هەیەو ڕۆشنبیری هەمە جۆری تێدایەو ئەو خوێنەرانە دەستیان دەکەوێت زۆر بەکەمیش لەو خوێنەرانە نوسراوێکی کوردی بەدەستەوەیە، یان باسی نوسەرێکی کورد دەکات لەبەر ئەوەی چاوگەی وێژەیی ئەو فەرەنسی یان فارسی یان عەرەبی یان ئینگلیزیە یان ئەڵمانییە.

ئەمە جێگەی نیگەرانی دانەرەکانە لە کوردستاندا، ناش توانین بە بچوکی سەیری ئەو جەماوەرە بکەین، وە دەبێت دان بەوە دابنێین کە جەماوەرێکی پێشکەوتووی بەرزە شیلەیەك دەخواتەوە خوێنەرەکانی کورد نازانن پێك هاتەکەی چییە! ئەگەر هاتوو توانیان هەمان شیلە بخۆنەوە لەنێو کەش و هەوای وێژەیی کوردیدا کە تێیدا دەژین ئەوا ئەو چێژەی لێنابینن، بەشی دووەمیان بریتین لەوانەی کە فێری زمانێکی ئەوروپی نەبوون، ئەوانە هیچ نوسراوێکی بیانی ناخوێننەوە، ئەوانەش جەماوەری گەورەی خوێنەرن لە ولاتی ئێمەدا، ئاستی ئەو جەماوەرەش بەداخەوە بەرز نییە، توانای کڕینیان زۆر نییە، بۆیە ئەو نوسەرانەی کە خۆیان بۆئەوان تەرخان کردووە ئەو خوێنەرانە هانیان نادەن.

داگیرکەرانی کورد لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا جەماوەریان لە فێربوون بێ بەش کردبوو یان تەگەرەیان لەپێش خوێندن و فێربوونیان دانابوو، تاوای لێهات ئەو جەماوەرە خوێنەرەی کە حەزیان لە ڕۆشنبیری جیهانی دەکرد گچکە بوونەوە، نوسراوی زانستی و کۆمەڵایەتی پێشکەوتویان لانەکرابوو بە باو، ئەگەر داگیرکەر بەلاوە بنێین تەگەرەیەکی تر هەیە ئەویش زۆرانبازیە، ئاشکرایە لەنێوان ڕۆشنبیری هاوچەرخ و ڕۆشنبیری کۆنی کوردیدا، بێگومان دامەزراندنی زانکۆ کوردیەکان هێمای ئەو زۆرانبازیەیە، لەو چەند زانکۆیانەی هەرێمی کوردستان کە چەند هەزار خوێندکارێکی تێدایە، دوای دەرچوونیان لە ولاتدا بلاّدەبنەوەو ڕای گشتین لە کوردستاندا، دەکەونە دووبەش، جا یان لە سیاسەت یان کۆمەلایەتی یان ئابووری یان لە ئەفسانەو خەیاڵدا، ئەو دووبەشە لە ڕۆشنبیریدا تەریب نین، میللەتی کورد لەبەر ئەم جیاوازیە بەکەسیەتیەکی دوانی دەچێت، ئەم دووبەرەکیە لەنێوان نوسەرەکانماندا بە ڕوونی دیارە، ئەوانە یان ڕوو لە کورد دەکەن یان ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، جا هەیە دەمارگیری لای یەك ئەو دووانە ئەوەندە بەهێز دەبێت لە تۆوابێت شەڕی ناوخۆیە، ئەمەش خراپەکاری زۆری هەیە لە ڕای گشتیدا، خراپەکاریەکەی زۆر زیاتر دەبێت، بەڵگە نەویستە کە ئێمە بۆ جیهان دەژین نەك تەنها بۆ کورد، وە دەبێت لەسەر ئەو زەویە پەیوەندیمان بە بیری گشتیەوە هەبێت، لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا بەتەواوی هاوبەند بین، وە هاوبەندیمان لەگەڵ کورددا بەشە، گەر هاتوو زانینی مێژووی کورد جیهانی و ڕۆشنبیریەکەی ئەرك بێت، ئەوا زانینی مێژووی جیهان و ڕۆشنبیریەکەی سەدجار ئەرکی گرنگترە، ئێمە نابینە نەتەوەیەکی پێشکەوتووی هاوچەرخ کە ڕۆشنبیریمان فراوان نەکەین بە پێچەوانەی کۆمەڵ و ئابووریمان بە پێوانەی جیهان نەکەین.

پاش ئەو پێشەکیە کورتە، بەو خوێنەرە دەڵێم کە دەیەوێت بیری خۆی بە نوسراوی هاوچەرخ پێش بخات، دەبێت خۆی تاقی بکاتەوە بەوەی کە چەند سودی وەرگرتووە لە خوێندنەوەو چەندیش پێشی خستووە... بۆیە دەبێت بپرسێت و بڵێت:

- ئایا ئەم نوسراوەیە ڕۆشنبیری و گیانی و کۆمەڵایەتی منی بەرەو کوێ ئاراستە کردووە؟
- ئایا ئەم نوسراوەیە ڕاژەی پەرەسەندنی منی کرد؟
- ئایا من کەسێکی دیکەم و بەو کەسەی پێش پێشی خوێندنەوەی ئەم نوسراوەیە ناچم؟
- ئایا ئەم نوسراوەیەو ئەم نوسەرە، ئاراستەی جەماوەر دەکات و ڕابەری دەکات، یان جەماوەر ڕابەری دەکەن و ئەویش ڕوبازیان بۆدەکات بۆئەوەی نوسراوەکانی بکڕن؟
- ئایا بە جەماوەر ڕادەبوێرێت یان دەیەوێت سوود وەربگرن؟
- ئایا ئەم نوسەرە بیرکردنەوەی راستەو دەروونی نەخۆش نییە؟ -- ئایا دەتوانێت هەموو جیهان ببینێت؟

هەموو ئەو پرسیارانەو لەمانەش زیاتر دەبێت تاکی ڕۆشنبیری ناو بەناو لەخۆی بپرسێت، ئەم پرسیارانەش دەگەیەنێتە ویژادێکی نوێ، وەلەبەر پەروەردەکردنی خۆی هەست بە ترس دەکات، بۆ کەسی خوێنەر واباشە دوای نوسەرێك بکەوێت کە خۆشی دەوێت، هەموو شتێکی بخوێنێتەوەو لێکۆڵینەوەشی لەبارەیەوەبکات، ئەم خوێنەرە کە وادەکات سود لە ژیانی نوسەرەکە وەردەگرێت و واهەست دەکات کە ژیانی نوسەرەکەی بەسەر بردووە نەك ژیانی خۆی، لەبەر ئەوەی بەدوای پەرەسەندن دەڕوات، هەر لەو باوەڕەوە تا دەگاتە ڕا ... یان لە هەڵچونەوە تا دەگاتە ویژدان، یان لە ویژانی کوردی عێراقەوە تا دەگاتە ویژدانێکی جیهانی مرۆڤانە، خوێنەریش یەك لەو دانەرانە هەر دەدۆزێتەوە.

با ئەو نوسەرە بکاتە سەنتەری ڕۆشنبیریەکەی ... با هەموو نوسراوەکانی بناسێت، با هەموو ژیانی بناسێت و بزانێت لەبەر ئەوەی ئەو ژیانەی کە دەژین چاکترین نوسینمانە، باشترین ڕێباز بە شوێنی بکەوین، ڕێبازی نوسینی نوسەرەکە نییە، بەڵکو ڕێبازی ژیانیەتی و ناشتوانین لێکی بکەینەوە، ئەگەر وێژە ژیانێکی خۆشی بۆ نوسەر نەڕەخساندبێت، ئەوا نوسەریش ناتوانێ ژیانێکی خۆش بۆ خوێنەر بڕەخسێنێت ... نوسەرمان هەن لەباوەشی پارتە سیاسیەکاندا پەروەردەبوون، لە سیاسەت و وێژەکاریان کردووە، لە سیاسەتیش وشەی ناشیرین و نزم فێربوون، بە فێڵ و فەرەج فێرە خۆ هەڵواسین بوون و هەمووشی دەگوازنەوە ناو وێژە، ئەو نوسەرانە دەبێت پشت گوێ بخرێن، لەبەرئەوەی گلاّون مەبەستیان پیسیە، پۆل پەیداکردن ئامانجیانە، ئەوانە ڕاژەی داگیرکەر دەکەن، پێنوسەکانیان پێ دەفرۆشن و گەنجەکانمان پێ دەغافڵێنن، ئەوانە کەش و هەوای وێژەی کوردی بۆگەن دەکەن بە وشەی ناشیرین و غافڵێنەر، لەبەرئەوە لەنێو ململانێی پارتایەتیدا فێربوون، لەمەیدانی سیاسەتیشدا بەکاریان هێناوە بە هەڵ بۆ گەیشتن بە مادده.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com